خاوەنی ئیمتیاز
جەمیل سنجاوی

سەرنووسەر
بەختیار محەممەد
makhmur@yahoo.com

# دەنگی مەخموور

www.mexmurpress.com


## رائید فەهمی داوای زیادکردنی پارەی مادەی ١٤٠ دەکات

سەرۆکی لیژنەی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستووری هەمیشەیی عێراقی فیدراڵ داوا دەکات، پارەی جێبیەجێکردنی ئەو مادەیە زیاد بکرێت.

(ڕائید فەهمی) وەزیری زانستو تەکنەلۆژیا لەحکومەتی عێراقو سەرۆکی لیژنەی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستووری هەمیشەیی عێراق، لەلێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا گوتی "دەبێت هاوسەنگی لە نێوان بودجەی پارساڵو ئەمساڵی مادەی ١٤٠ بکرێت، کە ٢٠٠ ملیۆن دۆلاری بۆ دانراوە".

ناوبراو گوتیشی "ئەو بڕەپارەیە کەمە، لەکاتێکدا لیژنەکە بەبەراورد لەگەڵ پارساڵدا کارەکانی زیاتر بووە، لەبارەی دابینکردنی پارەی پێویست بۆ ئاوارەکانو کۆچپێکراوەکان لەناوچە کێشە لەسەرەکاندا".


ژمارە (١٩) ڕۆژنامەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ، لە مەخموور دەردەچێت نرخ (٥٠٠) دینار پێنج شەممە ٢٠١٠/٤/١٥ ٢٦ی نەورۆزی ٢٧١٠


### بەپێی نووسراوێکی ئەنجومەنی وەزیرانی ئێراق

# دەبوایە مەخموور لەساڵی 2005 بگەڕابوایە سەر کوردستان

**تایبەت بەدەنگی مەخموور**

لەوتارێکیدا نووسەرو ڕۆژنامەنووس موحسین شوانی ئاماژە بەوە دەکات کە بەپێی نووسراوێکی ڕەسمی ئەنجومەنی وەزیرانی ئێراق دەبوایە لەساڵی ٢٠٠٥ قەزای مەخموور بگەڕابوایە سەر کوردستان. هەروەك ئاماژە بەوە دەکات کە زیاتر لە ٩٠ هەزار دەنگی دانیشتوانی مەخموور بەهەدەر ڕۆیشتووە.

سەبارەت بەو نووسراوانەی کە ئاماژەن بۆ گەڕانەوەی مەخموور، نووسەر لەدەقی وتارێکی بۆ ڕۆژنامەی (دەنگی مەخموور) ناردوویەتی دەڵێت "ماوەی پێنج ساڵە بەگوێرەی نووسراوی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق ژمارە (ت/٢/١/١٣/٧٧٩٩) لە ڕێکەوتی (٢٠٠٥/٧/٢٤) مەخموور گەڕاوەتەوە سەر هەرێم، بەداخەوە ئەم نووسراوە گشتگیرکراوەو کەس باسی ناکات،هەر بەگوێرەی نووسراوێکی دیکەی وەزارەتی شارەوانی عێراق ژمارە (١٤٥١) لە ڕێکەوتی (٢٠٠٥/٨/٢٢) وەڵامی نووسراوی پێشووی ئەنجومەنی وەزیران دراوەتەوە کە مەخموور سەر بە پارێزگای هەولێرەو لەم ناحیانەش پێك دێت: (ناحیەی گوێڕ - ناحیەی قەراج- ناحیەی کەندێناوە -ناحیەی عەدنانیە). ئەم نووسراوەش بەواژووی خاتوو نەسرین بەرواری وەزیری شارەوانی عێراق کراوە".

لەبەشێکی دیکەی وتارەکەیدا شوانی ئاماژە بە هەڵبژاردنی ٣/٧ لەمەخموور دەکاتو دەڵێت "دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکانی عێراق دەرکەوت دەنگی دانیشتوانی مەخموور کە زیاتر لە ٩٠ هەزار دەنگ بوو بەهەدەر ڕۆیشتووە، یاخود شوێنی خۆی نەگرتووە. قەزای مەخموور بە هەرسێ ناحیەکەی دەیتوانی دوو نوێنەری هەبێت لەئەنجومەنی نیشتمانی عێراق".

شایانی باسە لەساڵانی ڕابردوودا غەفوور مەخمووری ئەندامی پێشووی پەرلەمانی کوردستانو سکرتێری گشتیی YNDK چەند جارێك لەکۆبوونەوەکانی پەرلەمانی کوردستاندا باسی ئەم پرسەی کردووەو داوایکردووە ئەم کێشەیەو کێشەکانی تری مەخموور چارەسەر بکرێن.

لەژمارەی داهاتوودا ڕاپۆرتێکی تێروتەسەل لەم بارەیەوە بڵاو دەکەینەوە.

بڕوانە لاپەڕە ٣.


جمهورية العراق
وزارة البلديات والأشغال العامة
المديرية العامة لديوان الوزارة
قسم : القانونية والأملاك
العدد / ١٤٥١
التاريخ / ٢٠٠٥/٨/٢٢

Republic of Iraq
Ministry of Municipalities
and Public Works

الى / مجلس الوزراء / الأمانة العامة
م/ قضاء مخمور
************************

نهديكم اطيب التحيات ...

ونشير الى كتابكم المرقم (ق/٢/١/١٣/٧٧٩٩) في ٢٠٠٥/٧/٢٤ ونود أعلامكم بان قضاء مخمور تابع الى محافظة أربيل ويتألف من النواحي التالية :-

١- ناحية الكوير ومركزها الكوير .
٢- ناحية قراج ومركزها بالقرته .
٣- ناحية كنديناوه ومركزها ديبكه .
٤- ناحية الحمدانية ومركزها جامع الشهيد عدنان .

للتفضل بالأطلاع .... مع التقدير .

المهندسة
نسرين مصطفى برواري
وزير البلديات والأشغال العامة
٢٠٠٥/٨/٢١

نسخة منه الى



سەرۆکی عەشیرەتی سورچی:
پەیوەندیمان لەگەڵ هیچ لایەنێکی حیزبیەوە نییە..........ل٥

## دادگایەکی تورکیا سزای سێ ساڵ زیندانی بەسەر لەیلا زانا سەپاند

**دەنگی مەخموور**

ئاژانسی ئەناتۆڵی تورکی بڵاوی کردەوە کە دادگەی باڵای (دیاربەکر) سزای سێ ساڵ زیندانیکردنی بەسەر خانمە سیاسەتمەداری کوردی کوردستانی باکوور (لەیلا زانا) سەپاندووە.

تۆمەتی دادگایی کردنی خانمە سیاسەمەتداری کورد (لەیلا زانا) بەهۆی ئەو گوتانەی کە لەکۆبوونەوەی (کۆنگرێس)ی پارتی دەتەپەو کۆبونەوە لەگەڵ ژمارەیەك لەخۆپیشاندەران لەساڵی ٢٠٠٨دا پێشکەشی کردوون.

ئاژانسی هەواڵ (ئەناتۆل) ئەوەشی ڕوونکردۆتەوە کە (لەیلا زانا)و دادوەرەکەی لەو دانیشتنەی دادگەدا ئامادە نەبوون کە بڕیارەکەی تێدا دراوە.

دادگەی دیاربەکر لە بەیاننامەیەکدا ئاشکرای کردووە کە (لەیلازانا) لەگوتەکانیدا باسی لە ئازایەتیو ماندوونەناسی سەرۆکی دەستگیرکراوی (پەکەکە) (عەبدوڵا ئۆجەلان) کردووە.

شایەنی گوتنە (لەیلا زانا) سیاسەتمەداری کورد لە ساڵی ١٩٦١ لەشاری (سیلڤان)ی پارێزگای دیاربەکر لەدایکبووە، لەتەمەنی ١٤ ساڵیدا ژیانی هاوسەری لەگەڵ (مەهدی زانا) پێکهێناوە، کە چەندین ساڵ قایمقامی دیاربەکر بووە، لەیلا ساڵی ١٩٩١ بە ئەندامی پەرلەمانی تورکیا هەڵبژێدرا، دوای ئەوەی بەزمانی کوردی سوێندی پەرلەمانی خوارد بۆماوەی دە ساڵ زیندانی کرا، ساڵی ١٩٩٤ خەڵاتی (رافتۆ)ی وەرگرتو ساڵی ١٩٩٥ لەلایەن پەرلەمانی ئەورووپاوە خەڵاتی (ساخارۆڤ)ی بۆ بواری ئازادی ڕادەبڕین وەرگرت، لەیلا تائێستا چەندین جار بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ لەبواری ئاشتیدا کاندید کراوە.





نیان ئیمام:
پیاوان نەیانتوانیوە هزری خۆیان بەرامبەر ئافرەتان بگۆڕن ......... ل٣

## برایەتی نەینەوا گەشبینن بەکۆبوونەوەکانیان لەگەڵ حەدبادا

**دەنگی مەخموور**

لەپاش چەند کۆبوونەوەیەك لەنێوان هەردوو لیستی برایەتی نەینەواو حەدبا لەشاری بەغدا هەردوو لیست دەگەنە ڕێککەوتنامەیەك کە لەپێنج خاڵ پێکهاتووە.

گوتەبێژی لیستی برایەتی نەینەوا (درمان خەتاری) دەربارەی دوا گۆرانکارییەکانی ئەو کۆبونەوانە ڕاگەیاند "ئەو پێنج خاڵەی کە لیستەکەمان لەگەڵ لیستی حەدبادا لەسەری ڕێکەوتوون لەبەرژەوەندی کورددایە کە بریتین لە (مانەوەی هێزەکانی پێشمەرگەو ئاسایش لەناوچەکەدا، پێویستە جێگری پارێزگاو سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا بۆ لیستی نەینەوا بێت، خاڵە سنوورییەکانی شاری موسڵ وەك خۆی دەمینێتەوە، گشت ئاوارەکانو خێزانە ڕاگوێزراوەکان بگەڕێنەوە شوێنی خۆیانو قەرەبوو بکرێنەوە، دان بە مادەی ١٤٠دابنرێت وەك مادەیەکی دەستووری)".

گوتەبێژی لیستی برایەتی نەینەوا ئەوەشی ڕوونکردەوە "کۆبونەوەی نێوان هەردوو لیستەکە بە نێوبژیوانی هەریەکە لەنوێنەری سەرۆك وەزیرانی عێراق (رافع ئەلعیساوی)و نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان (ئاد میلکەرت) ئەنجام درا. ئەو گوتەبێژە پێشی وابوو کە ئەو خاڵانەی ڕێکەوتنیان لەسەرکراوە لەبەرژەوەندی کورددایەو ناوچە جێناکۆکەکانی وەکو (شەنگال، شێخان، مەخموور، باشیك) بەفەرمی دەگەڕێنەوە سەر نەخشەی کوردستان.

لەلایەن خۆیەوە ئوسامە نوجێفی ڕایگەیاندووە قۆناغی ئێستا قۆناغی دیالۆگی نیشتمانییەو پێویستی بەکرانەوەو دیالۆگی جددی هەیە لەگەڵ هاوپەیمانی کوردستانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی پارێزگای نەینەواو ناوچەکانی دیکە.

کاندیدێکی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی لەپارێزگای نەینەوا، لێدوانەکانی ئوسامە نوجێفی سەرۆکی لیستی ئێراقییەی لەنەینەوا بەئیجابی لەقەڵەمداو دووپاتیکردەوە هاوپەیمانی کوردستان پێشوازی لە هەر هەنگاوێك دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان حەدباو برایەتی نەینەوا.



نامەیەکی سەیری خۆشەویستی.......ل٦

## بودجەی هەرێمی کوردستان بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا

**دەنگی مەخموور**

بەسەرۆکایەتی دکتۆر کەمال کەرکوکی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، دانیشتنی ژمارە (٤)ی ئاسایی بەرێوەچوو، کە تێیدا وەزیرانی دارایی وپلاندانان و بریکاری وەزارەتی دارایی ئامادەیبوون.

لەسەر گفتوگۆکردن وبڕیاردان لەسەر پرۆژە بودجەی ساڵی ٢٠١٠ هەرێم، لەلایەن لیژنەی یاساییەوە ڕاسپاردەکان خرانەروو، کە ڕاسپاردەی یەکەم بریتیبوو لەیەکخستنەوەی بودجەو یەکگرتنەوەی سەرجەم ئەو دەزگایانەی کەسیمای دوو ئیدارەییان پێوە دیارە لەماوەی ٦ مانگدا، سەرۆکایەتی پەرلەمان خستییە دەنگدانەوەو بەکۆی دەنگ پەسندکرا.

هەروەك لە ڕاسپاردەی سێیەم هاتووە کە تایبەتبوو بەبایەخدان بەو ناوچانەی کەزیانمەندبوون لەسەردەمی ڕژێمی بەعسی ڕووخاوداو بەکۆی دەنگ پەسندکرا.

دواتر سەرۆکایەتی پەرلەمان کۆی پرۆژەی بودجە خستە دەنگدانەوەو بەئەنجامی ٧٢ دەنگ بەرامبەر ٣٣ دەنگ پەسندکراو.

د.ئاراس حسێن سەرۆکی لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان وتی "ئەو بودجەیە خزمەتێکی زۆر بەخەڵکی کوردستان دەگەیەنێت، بەتایبەتی بۆ هەندێك چینو توێژ کەمووچەکەیان زیادیکرد، وەك کەسوکاری شەهیدانو ئەنفالکراوەکانو خاوەن پێداویستە تایبەتەکان، جگە لەزیادکردنی پێشینەی خانووبەرە لە ١٢ بۆ ١٥ ملیۆن دینارو یەکسانکردنی نێوان قەزاو ناحیەو پارێزگاکان، لەگەڵ تەرخانکردنی (٢٠٠) ملیار دینار بۆ سندوقی نیشتەجێبوون، ئەمەش هەنگاوێکی سەرکەوتووە بۆ کەمکردنەوەی کێشەی نیشتەجێبوون لەهەرێمی کوردستان.

جێی باسە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرهەم ساڵح لە (٢٠١٠/١/١٩)دا پڕۆژە یاسای بودجەی ساڵی ٢٠١٠ی هەرێمی کوردستانی پەسەندکرد، کە بڕەکەی دەگاتە ١١ تریلیۆنو ٤٣٣ ملیار دیناری عێراقی، واتە ٩,٧ ملیار دۆلاری ئەمریکی.





ڕۆناڵدۆ:
میسیم خۆش دەوێت ....ل٧